**بەش: کارگێڕی کار- ئێواران**

**کۆلێژ: کارگێڕی و ئابووری**

**زانکۆ: سەلاحەدین-هەولێر**

**بابەت: بنەماکانی زانستی ئابووری**

**پەرتووکی کۆرس: قۆناغی یەکەم**

**ناوی مامۆستا: د.هۆشمەند رفیق ابراهیم**

**ساڵی خوێندن: 2023-2024 / سمستەری یەکەم- پایزە**

# پەرتووکی کۆرس/ Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | بنەماکانی زانستی ئابووری– مبادیء علم الاقتصاد -Principles of Economics |
| ٢. ناوی مامۆستای بەرپرس | د.هۆشمەند رفیق ابراهیم |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | کارگێری کار / کارگێری و ئابووری |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: hoshmand.ibrahim@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: 07504468829 |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 2 پراکتیک: 0<br>رۆژی سێشەممە : گروپ (A) کاتژمێر(6:00-4:00) ئێوارە.<br>گروپ (B) کاتژمێر(8:00-6:00) ئێوارە. |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ( 2) کاتژمێر لە هەر هەفتەیەکدا |
| ٧. کۆدی کۆرس | AEBA 1402 |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | ❖ بڕوانامەی بەکالۆریۆس ساڵی 2005.<br>❖ بڕوانامەی ماستەر لە ساڵی 2011.<br>❖ بڕوانامەی دکتۆرا لە ساڵی 2022.<br><br>بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەیری پرۆفایلی ئەکادیمی زانکۆیی بکەن کە لەم بەستەرەی خوارەوەدا هاتووە:<br>https://academics.su.edu.krd/hoshmand.ibrahim |
| ٩. وشە سەرەکییەکان | ئابووری، دەگمەنی، کاڵا، بازاڕ، قۆڕخکاری، کێشە ئابوورییەکان، بێکاری، هەڵاوسان داهات،بەرهەمهێنان، نەرمی( المرونة)، تێچوون،دراو، خەرجی، خواست، خستنەڕوو،هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، سیستەمە ئابوورییەکان، ئابووری هەمووەکی، ئابووری بەشەکی. |

**١٠. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**

بە شێوەیەکی گشتی لەم کۆڕسەدا تێگەیشتنی بۆ چەمکی زانستی ئابووری و پێداویستییە زەرووری و جوانکارییەکان و چەمکی کاڵا دەبێت،لەگەڵ ئەوەشدا فێردەبێت چۆن کێشە ئابوورییەکان لە روانگەی بیردۆزییە ئابوورییەکان چارەسەر بکات، هەروەها فێری جۆری سیستەمە ئابوورییە پەیرەو کراوەکان و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان دەبێت، هاوشانی ئەمانەش ئاشنایەتی پەیدا دەکات لەگەڵ یاسای خواست و خستنەڕوو، بازاڕ، جۆرەکانی بازاڕ، تێچوون، داهات، سەرچاوەکانی داهات، دارایی گشتی، بووجە، سستەمی بانکی دامەزراوەکانی بانکی، دراوو ئەرکی دراو، بازرگانی دەرەکی و تەرازووی بازرگانی، بێکاری و جۆرەکانی، دیاردەی هەڵاوسان و داکشانەوە.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس:**

1.ئامانجی سەرەکی ئەم کۆڕسە گەیاندنی زانیاری سەرەتاییەکانی تایبەت بە زانستی ئابوورییە بە قوتابیان.
2. ئامادەکردنی راوەندێکی دیکەیە لە قوتبیان بە هەگبەیەکی پڕی بابەتی ئابووری لە رووی ئەکادیمییەوە.
3. ئاشناکردنی خوێندکارانە بەو رێساو یاسا ئابوورییانەی کە لەسەر هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت دەخرێتە بواری جێبەجێکردن لە کاتی کارکردنی پراکتیکیدا.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی:**

- ❖ قوتابی بەرپرسیارە بەرامبەر بە ئامادەبوون لەوانەکاندا، چونکە ئامادەبوون نمرەی لەسەر دادەنرێت.
- ❖ پێویستە قوتابی لە کاتی دیاریکراوی خۆی لە هۆڵ ئامادەبێت.
- ❖ نابێت بۆ وەڵامدانەوەی تەلەفۆن بچێتە دەرەوە و کاتێکی زۆری پێبچێت، مەگەر بۆ حاڵەتی تایبەت نەبێت.
- ❖ تۆمارکردنی یان یاداشتکردنی تێبینی و سەرنجەکان لە کاتی وانەکانی رۆژانەدا.
- ❖ بەرپرسیارە لە ئامادەبوونی لە کاتی تاقیکردنەوەکان وەک:

1. کە (2) تاقیکردنەوەی تیۆری لەسەر کاغەز (1) نیوەی سمستەر و (1) کۆتایی سمستەر ئەنجام دەدرێ.

2 . تاقیکردنەوە لە ناکاوەکانی (کویز) هەفتانە بە بێ ئەوەی ئاگادار بکرێتەوە.

- بەرپرسیارە لە:
  1. نوسینی (وتار- راپۆرت).
  2. ئامادەکردنی سمینار.
- ئامادەکردنی (50) پرسیار لە نێو ئەو بابەتانەی دەخوێنرێت بۆ کۆتا مەحازەرەی سمستەری یەکەم.
- نابێت ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بەهیچ شێوەیەک بەکاربهێنێت، دەبێت لەکاتی دەستپێکردنی وانە (بێدەنگی بکات یا بیکوژێنێتەوە).
- وێنەگرتنی فۆتۆیی و ڤیدیۆیی لە ناو هۆڵ لە کاتی وانە قەدەغەیە.
- ئەتەکێتی قسەکردن وەک کەسێکی ئەکادیمی لە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوپۆلەکان و مامۆستای بابەت بکات.

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە:**

- وانەکان بەشێوازی تیۆری دەوترێتەوە بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی داتاشۆ و پاوەرپۆینت.
- تیشکخستنە سەر خاڵە گرنگەکان لەسەر تەختەی سپی(White Board).
- پێدانی پوختەی وانەکان بەشێوەی (پەرتووک) بە قوتابیان، یان بە شێوەی (Soft Copy) لە ڕێگەی پرۆفایلی مامۆستا یان گروپە فەرمییەکانەوە.

**<u>Academic Profile</u> : https://academics.su.edu.krd/hoshmand.ibrahim/teaching**

١٤. **سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

| شێوەکانی هەڵسەنگاندن | نمرە |
|---|---|
| **تاقیکردنەوەی نیوەی وەرز** Midterm Exam | 20 |
| **تاقیکردنەوەی لە ناوکاو(کویز)** | 5 |
| **ئامادەبوون لە هۆڵ** | 5 |
| **پێشکەشکردنی سمینار** | 5 |
| **راپۆرت و وتار** | 5 |
| کۆی گشتی نمری کۆششی سمستەر، ئەنجامەکە لە ڕێگەی پرۆفایلی مامۆستا لەو بەستەرە وەردەگیردرێتەوە: https://academics.su.edu.krd/hoshmand.ibrahim/student-evaluation | 40 |
| **تاقیکردنەوەی کۆتایی سمستەر** | 60 |
| **کۆی گشتی نمرەی هەڵسەنگاندن** | 100 |

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

١. ئاشناکردنی قوتابیە تا لە ژیانی کارگێری کاردا سوود لەو زانستە وەربگرێت.

٢.زانستی ئابووری بنەمایەکی سەرەکییە بۆ ئەوەی لە بواری بزنس دا سوودی لێوەربگیرێت.

٣.کەڵک وەرگرتنی قوتابیان لەو بابەتە لە دروستکردنی پرۆژەی وەبەرهێنان و دروستکردنی کۆمپانیا لە دوای دەرچوون.

٤.کەڵک وەرگرتنی قوتابی لە دانانی کەڵکی ئابووری کۆمپانیاو پرۆژەی کەرتی تایبەت.

٥.سوود وەرگرتن لە بواری کۆمەڵایەتی و تەنانەت لە بەڕێوەبەردنی ماڵ و وەرگرتنی ڕۆشنبیری ئابووری و هێنانەکایەی هۆشمەندی ئابووری.

٦. قوتابیانی بەشی کارگێڕی کار بە جۆرێک سوودمەند دەبن تا لە بڕیارە کارگێڕییەکانیادا سوود لە بیردۆزییە ئابوورییەکان وەربگرن و دووربکەوەنەوە لە هەڵەو کەموکوڕی و بەهەدەردانی سامانی نەتەوەیی.

**١٦. لیستی سەرچاوەکان:**


١.د.ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، بنەماکانی زانستی ئابووری، چاپی نۆیەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦.

٢. د.عادل فليح العلي، طلال محمود كداوي، اقتصاديات المالياَ العامة، وزاره تعليم العالي والبحث العلمي، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٨.

٣.د.عبدالوهاب مطر الداهرى، الاقتصاد الزراعي، وزاره تعليم العالي والبحث العلمي، دار الكتب للطباعة والنشر/ الطبعة الاولى ١٩٨٠.

٤. د. أحمد حسين الرفاعي، د.خالد الوزني،مبادئ الاقتصاد الكلي بين النظرية والتطبيق، عمان، دار وائل للنشر/ طبعة الاولى، ١٩٩٧.

٥.رحمن حسن على الموسوي، التضخم الاقتصادي فى العراق أسباب ومعالجات، مجلة القادسية للعلوم الإدارية والاقتصادية المجلد ( ٩) العدد (١) لسنة ٢٠٠٧.

٦.دومينيك سالاتور- يوجين ديوليو، ترجمة: فؤاد صالح، مبادىء الإقتصاد، طبعة اكاديميا انترناشيونال، بيروت،٢٠٠١.

٧.محمد سلمان محمد، التضخم دراسة في واقيع الإقليم، مجلة الاقتصاد السياسي، رقم ٩، سنة ٢٠٠٥.

٨.د.صلاح الدين كاكۆ خۆشناو، فەرهەنگی ئابووری، لە بڵاوەکانی ئەکادیمای کوردی، چاپی هەولێر، ٢٠١٠.

9. Tyler Cowen,George Mason University, Alex Tabarrok, George Mason University ,MODERN PRINCIPLES OF ECONOMICS, Printed in the United States of America,2015.

10. Carl Menger, PRINCIPLES OF ECONOMICS, 1976 by the Institute for Humane Studies.

11. MICHAEL PARKIN, University of Western Ontario, ECONOMICS, Library of Congress Cataloging-in-Publication Data Parkin , Michael, 1939.


هەموو ئەو سەرچاوانەش بە شێوەی PDF لە پرۆفایلی مامۆستا لەم بەستەرەی خوارەوە هەیە دەتوانن سوودی لێوەربگرن:

**<u>Academic Profile</u> : https://academics.su.edu.krd/hoshmand.ibrahim/teaching**

| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| **هەفتەی یەکەم**<br>**دەروازەیەک بۆ زانستی ئابووری**<br>❖ چەمکی زانستی ئابووری.<br>❖ پێناسەی زانستی ئابووری.<br>❖ دەستەواژەی دەگمەنی.<br>❖ ئایا ئابووری زانستە یا هونەرە؟<br>❖ بیردۆزی ئابووری.<br>❖ مێژووی هزری ئابووری. | **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(2) کاتژمێر |
| **هەفتەی دووەم**<br>**بیردۆزییە ئابوورییەکان**<br>❖ ئابووری بەشەکی و ئابووری هەمووەکی.<br>❖ پەیوەندی زانستی ئابووری بە زانستەکانی دیکە.<br>❖ پێداویستی – پێداویستییە ئابوورییەکان.<br>❖ کێشە ئابوورییەکان.<br>❖ چارەسەری کێشە ئابوورییەکان. | **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(2) کاتژمێر |
| **هەفتەی سێیەم**<br>**چالاکییە ئابوورییەکان**<br>❖ کاڵا- خزمەتگوزاری.<br>❖ دەرامەتە ئابوورییەکان.<br>❖ لقەکانی زانستی ئابووری. | **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(2) کاتژمێر |
| **هەفتەی چوارەم** | **هۆشمەند رفیق ابراهیم** |

| | |
|---|---|
| (2) کاتژمێر | **سیستەمە ئابوورییەکان**<br>1. سیستەمی سەرمایەداری<br>2. سیستەمی سۆشیالیستی<br>3. سیستەمی تێکەڵاو<br>4. سیستەمی ئیسلامی<br>5. سیسمەتی سۆشیالیستی دیموکراتی |
| **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(2) کاتژمێر | **هەفتەی پێنجەم**<br>**یاسای خواست و خستنەڕوو**<br>❖ خواست<br>❖ خستنەڕوو.<br>❖ هاوسەنگی.<br>❖ نەرمی( المرونة) |
| **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(2) کاتژمێر | **هەفتەی شەشەم**<br>**بیردۆزی بەرهەم**<br>❖ بەرهەمی گشتی و نێوەندی بەرهەم و بەرهەمی رادەدار<br>❖ یاسای بەرهەمی کەمبۆوە<br>❖ چەماوەکانی بەرهەم |
| **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(2) کاتژمێر | **هەفتەی حەفتەم**<br>**هۆکارەکانی بەرهەمهێنان**<br>❖ کار، زەوی سەرمایە، کارسازی.<br>❖ تێچوون<br>❖ جۆرەکانی تێچوون. |
| **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(2) کاتژمێر | **هەفتەی هەشتەم**<br>**داهاتی نەتەوەیی**<br>❖ داهات<br>❖ دەسهاتی نەتەوەیی.<br>❖ دابەشکردنی دەسهاتی نەتەوەیی. |
| **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(2) کاتژمێر | **هەفتەی نۆیەم**<br>**دراو**<br>❖ دراو<br>❖ ئەرکی دراو.<br>❖ مەرجەکانی دراو.<br>❖ جۆرەکانی دراو. |
| **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(2) کاتژمێر | **هەفتەی دەیەم**<br>**سیستەمی بانکی**<br>❖ دامەزراوەیی بانکی<br>❖ سیستەمی دارایی<br>❖ ئەرکەکانی بانکی بازرگانی |
| **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(2) کاتژمێر | **هەفتەی یازدەیەم**<br>**دارایی گشتی** |

| | |
|---|---|
| | ❖ بوودجەی گشتی<br>❖ پێکهاتە سەرەکییەکانی بوودجەی گشتی.<br>❖ گرینگی و قۆناغەکانی بودجەی گشتی.<br>❖ چاودێری دارایی. |
| **هۆشمەند رفيق ابراهيم**<br>(2) کاتژمێر | **هەفتەی دوازدەیەم**<br>**بازاڕ**<br>❖ ئەرکی بازاڕ.<br>❖ جۆرەکانی بازاڕ.<br>❖ بە بازاڕکردن. |
| **هۆشمەند رفيق ابراهيم**<br>(2) کاتژمێر | **هەفتەی سێزدەیەم**<br>**دیاردەی هەڵاوسان و داکشانەوە**<br>❖ هەڵاوسان.<br>❖ داکشانەوە.<br>❖ جۆرەکانی هەڵاوسان.<br>❖ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هەڵاوسان.<br>❖ چارەسەرییەکان. |
| **هۆشمەند رفيق ابراهيم**<br>(2) کاتژمێر | **هەفتەی چواردەیەم**<br>**بازرگانی**<br>❖ بازرگانی دەرەکی<br>❖ گرینگی بازرگانی دەرەکی.<br>❖ هۆکارەکانی دروستبوونی بازرگانی دەرەکی. |
| **هۆشمەند رفيق ابراهيم**<br>(2) کاتژمێر | **هەفتەی پازدەیەم**<br>**دیاردەی بێکاری**<br>❖ هێزی کار.<br>❖ خواست و خستنەڕووی هێزی کار.<br>❖ جۆرەکانی بێکاری.<br>❖ بەکارخستن. |
| | ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) |
| | لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. |

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**١. دارشتن:** گرینگی سیستەمە ئابوورییەکان بژمێرەو بە کورتی باس لە بنەما سەرەکییەکانیان بکە.

**٢. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**٣. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**٢٠. تێبینی تر**

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند وشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.
هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبێت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.